# "شەرەف لە نێوان خێڵ و حزب-دا"

ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە نووسەر و نانووسەران تا هەنووکە باس لە کوشتن و بڕین و لێدان و چەوساندنەوەی ئافرەت دەکەن ، کەواتە دیاردەیەك لە ئارادا هەیە و قسەی لێدەکرێت، پێشتریش ئەو زەبر و زەنگ و ستەم و چەوساندنەوە و سووکایەتی پێکردنەی ئافرەت هەر هەبووە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە وەك هەر دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵایەتی کە لە پاڵ دەیەها دیاردەی دیکە کە ئەوانیش هەر دزێو بوون قسە و باسی زۆری لێ دەکرێت .زۆرن ئەو کەسانەی کە بە تەنها حەز دەکەن قسە لەسەر لایەنی پۆزەتیڤی ڕاپەڕین بکەن و ستایشی دیوە ڕۆشنەکانی بکەن ، چ ئاگایان لێبێت یان بێئاگا بن چاو لە دیوە دزێوەکانی دەپۆشن کە دەکرێت بەبەراورد لەگەڵ دیوە جوانەکانی تەرازووەکە هاوسەنگ بکەوێتەوە .

زۆرن ئەو کەسانەی کە بە زمانێکی مردوو وەك ئەوەی (ئینشا) بنووسن باس لە "هەوای ئازادی" دەکەن ، دوای دە ساڵ لە راپەڕین ژمارەی ئەوانەی کە بەم جۆرە ئینشایە پێدەکەنن زۆر بووە ، ئەو گومانکردنە لە بوونی فەزایەکی ئازاد لە لایەن هەموو چین و توێژەکانەوە خەریکە ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبێت ، کۆچ و سەرهەڵگرتنی هەزارەها کەس لە دوای ڕاپەڕینەوە یەکێکە لە بەرئەنجامە هەرە دیارەکانی ئەو گومانە گەورەیە .

لە هەر وڵاتێکدا کە گۆڕانی سیاسی بە خۆوە دەبینێت ، کە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەگوێزرێتەوە ، ئەو وەختەی ئایدۆلۆژیایەك دێ و یەکێکی دیکە دەڕوات ، تاقمێك بە فیکرێکی جیاوازەوە خۆی بە ناو دەزگا ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات و جێگە بەوانی پێش خۆی لەق دەکات، جا ئەگەر هەڵگرانی ئەو ئایدۆلۆژیایە کۆنەخواز بن یان پێشکەوتوو ، یەکەمین توێژ کە گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت : توێژی ژنانە ، لە مێژووی هاوچەرخدا دوو ئەزموونی گەورەمان لە یاد ماوە .. لە هەردوو قۆناغی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە "رووسیا" و لە دوای هەڵوەشاندنەوەی بلۆکی سۆشیالیزمدا ، بە هەردوو دیوی چاك و خراپدا ، ئاکام و دەرئەنجامەکانی ژنانی ئەو وڵاتە پان و بەرینە قۆستیانەوە، ئەگەر خۆشاو و ئەگەر تاڵاو ئەوان چەشتیان ، لە دامەزراندنی حکومەتێکی سوور لە ئەفغانستان-دا لەناوچوون و هاتنەوەی باڵی ئیسلامەکان (بە تایبەتی تالیبان) بۆ سەر تەختی فەرمانڕەوایی ، یەکەمین توێژوگرووپ ژنان بوون کە دیسانەوە لەو گەمە سیاسیە دۆڕان و زیانی گەورەیان بەرکەوت، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە چینی خوارەوە بوون .

دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەن :

بۆچی دەبێت لەو پێچە گەورانەدا تاکە توێژێك کە زیانی گەورەی بەردەکەوێت ژنان بن؟ بۆچی دەنێو ئەو هەموو گۆڕان و خەمە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و فەرهەنگییانەدا یەکەمین شت کە پیاوان سەرقاڵ دەکات باری لەباری یان ناهەمواری ژنانە؟وەڵامی پرسیارێکی وا لیکۆڵینەوەی درێژی گەرەکە کە من لێرەدا مەبەستم نیە وەڵامی بدەمەوە .

لەم نووسینەدا پێ لەسەر مەسەلەیەکی دیاری کراو دادەگرم کە ئەویش ئەوەیە لە دوای ڕاپەڕینەوە پتر لە جاران گوێمان لەوە دەبێت کە کچان و ژنان پتر بە ناوی شەرەفەوە دەکوژرێن ، ئەم دیاردەیە شار و گوندی بە یەکەوە گرێ داوە کە ئەویش وا دەکات کە هەموومان گومان لەوە بکەین کە شار مەڵبەندی شارستانییەتێکی جیایە لە گوند .. بە واتا هەردوو مەڵبەندەکە بە سنوورێکی وەهمی و درۆ لە یەکدی جیا کراونەتەوە کە لەسەر زەمینەی واقیعدا مانای نییە.

دەکرێت بوترێ و بڵێین کە کۆمەڵگەی کوردی تا هەنووکە لە قۆناغی دەرەبەگی و پاتریارکی – نێرسالاری- وەکو ئەخلاق و داب و نەریت گیری خواردووەو دەرنەچووە، بەڵکو لە دوای ڕۆژانی ئەنفال و دامەزراندنی ئۆردوگاکانەوە بە تەواوی ئەخلاقی دەرەبەگی هێرشێکی بەربلاوی هێناوە و توانی پتر لە هەموو کاتێك زیاتر جێ بەو کەم شارستانییەتە لەق بکات کە لە شارەکانی کوردستاندا بەدی دەکرا.

ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە پێگەی ئەخلاقی تازە و شارستانیوون لە شارەکاندا هەر خۆی لەرزۆك و لەق و لۆق بووە ، هەر بۆیە خۆی لەبەردەم هێرشی رۆحی دەرەبەگیدا ڕانەگرت ، با ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە ناکرێ سەرچاوەی بوونی ئەو ئەخلاقە (ئەخلاقی کوشتن و لە داردانی ئافرەت لەسەر شەرەف) هەر بە تەنها ئایین بێ ، گەرچی ئایین بە پێی لێکدانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بیریارانی ئەم ولاتە ڕێ خۆش دەکات بۆ ئەم سزایە ، بەڵام جێگیر بوونی خەڵکی ئێمە دەنێو قۆناغی کشتوکاڵیدا تا بێ تەمەنی ئەو ڕەوشت و ڕوانین و داب و نەریتە درێژتر دەکاتەوە. ئەو روانین و خووە چەوتە (تۆڵەی شەرەف) سەقامگیرتر و ڕەگاژۆتر دەبێ ، ئەوروپا و ئەمریکا نەیاندەتوانی باس لە بزاڤی "فێمێنیزم" بکەن گەر لە قۆناغی کشتوکاڵییەوە ڕووەو قۆناغی پیشەسازی لەگەڵ خۆیدا یەك دونیا گۆڕانی نەهاورد بێت ، بەرچاوترین گۆڕان هەڵتەکاندنی خێزانی پاتریارکی-باوکسالاری- بوو بەو شێوە تەقلیدییەی کە سالانێکی زۆر تۆکمە و دامەزراو بوو .

ئەگەر چی بڕوام وایە کە سیستەمی پاتریارکی لە ئەمریکا و ئەوروپادا هەموو بناغە و پێگە و فەلسەفەکانی خۆی نەدۆڕاندبێ ، بەڵکو تا ئەمڕۆکەش چەوساندنەوەی ژنان و سووکایەتی پێکردنیان قسەو باسی گەرمی لەسەرە و هێشتا ئەوانیش جەنگێکی گەورەتریان لەبەر دەمدا ماوە کە بیکەن و بەڕێیبخەن.

وەلیّ بە بەراورد لەگەلٚ ئە و بارودۆخەی ئێمەی تێدا دەژین ، یان بلٚێین ژنانی ئەم دەڤەرەی تیا دەژی لە زۆر ڕووەوە جیایە و بەردەوامیش بابەتێکی گەرم و گورە ، شێوازەکانی چەوساندنەوەی توخمی ژنان لە (هەولێرەوە تا هلنسکی) تا هەنووکە ماوە ؛ جا لە جنێوێکەوە بیگرە تا دەگاتە تف و لێدان و لەمالٚ دەرکردن و بێبەش بوون لە هەموو مافێکی مرۆڤپەروەرانە ، جیاوازییەکە لێرەدایە کە بۆ ژنانی ولاٚتانی پێشکەوتوو ئاسانە بگەنە دەزگاکانی پۆلیس و هەندێ ڕێکخراو کە کاریان بەرگری کردنە لە مافەکانی ژنان .

بەلاٚم ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچانی ولاٚتی ئێمە کە ئازار دەدرێن کەم کەس پێی دەزانێ و زۆرجاریش ئەو کچ و ژنانە وای بۆ دەچن کە ئەوە قەدەرە و لێ لادان خۆدوورخستنەوە لەو چارەنووسە ڕەشە جگە لە بەدبەختی زیاتر هیچی دیکە لەگەلٚ خۆی ناهێنێ ، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو ژن و کچانە پێیان شەرمە کە لەلای نزیکترین کەس سکالاٚ لەو پیاوانە بکەن کە ئازاریان دەدەن .. هەتا ئەگەر دەزگای پۆلیس هەبێ ، ڕێکخراوی بەرگریکردن لە مافی ژنان ؛ دیسانەوە ئەوان ناوێرن پەنای بۆ ببەن ، یان ئەوەندە بەستەزمان و ناشارەزان کە نازانن شوێنێك هەیە کە دەکرێ لەوێدا لە دەست ئەو سیستەم و چەوساندنەوەیە هاوار بکەن ؛ هەر بۆیەش زۆرجار گۆڕینی یاسای بەڕێوەبردنی کاروباری ژنان لەم ولاٚتەدا هیچ گۆڕان و موعجیزەیەك دروست ناکات .

شۆڕشی ڕاستەقینە دەبێ ئالٚ و گۆڕێك لەسەر ئاستی ڕوانین و ڕەوشت بەرپا بکات ، مێنتالتی (زهنییەتی) پیاوەکان بگۆڕێ ، لە منداڵییەوە کوڕ و کچان بە فەلسەفەیەکی هاوچەرخانە پەروەردە بکات و ڕێز لە هەردوو توخمەکە بگرێ و بیرو باوەڕی یەکسانی لە نێو ئەواندا بکات بە وانەی بەردەوام .. گۆڕینی یاساکان لە سەرەوە هیچ لەو بناغە ئەخلاقی و کەلتورە داڕزیوە ناگۆڕێ کە تەمەنی سەدەها ساڵە .هەڵتەکاندنی ئەو ئەخلاقە و گومان کردن لێی گۆڕانی گەورەی بە دوا دادێ ، گرفتی گەورە ئەوەیە کە لەم ولاٚتەدا هەر ماڵە و دورگەیەکی داخراوە بۆ خۆی، هەر گوندێك و هەر گەڕەکێك، پەیوەندی یەك خێزان تا یەك خێڵ جگە لە بازنەیەکی داخراو هیچی دیکە نییە کە ناهێڵێت لە دەروەی خۆی شتێك بێت کە ئەو دۆخە سەقامگیرەی لێ تێکبدات.

شکاندنی ئەو هەموو بازنە داخراوانە زۆر زەحمەتە ، زۆر جار دەسەلاٚت بەو هەموو دەزگایانەوە کە گوایە چاودێری کۆمەلاٚیەتی دەکەن و بە زەبری یاسا دەست وەردەدەنە ناو کاروباری خەڵکی، کەچی ناتوانن بچنە ناو ئەو بازنە و دورگە داخراوانە ، بێ شەرمیی ئەو پیاوانە دەگاتە ڕادەیەك کە لەناو ئەو بازنە داخراوانەی خۆیانەوە دێنە دەرێ و لە بەردەمی دادگاکاندا و لە بەردەمی پۆلیسخانەکاندا لەسەر جادە و بە بەرچاوی هەزاران کەسەوە بە

بیانووی (کرینەوەی شەرەف) خوشك و دایك و ژن و کچەکانیان دەکوژن ، ئەوەش بەلگەی نەترسانی ئەو پیاوانەیە لە دەسەلات ، دەسەلاتێك کە هەموو هەیبەتێکی خۆی دۆڕاندووە ، هەر ئەو ڕۆژە دۆڕاندی کە بە سەدەها تیرە و هۆز و خێڵی چەکدار کردو ناوی لێنان "پێشمەرگە"، زیندووکردنەوەی رۆحی خێڵەکی وایکرد کە پێگەو دەسەلاتی ئەو گروپانە فراوانتر بێت، لەوەشدا ئەو توێژەی زیانی گەورەی بەردەکەوێ ژنانن .
ململانێی یەکێتی و پارتی و هەندێ لە حزبەکانی دیکە لەگەڵ یەکتردا لە باوەش کردنی هەزاران پیاوی چەکداری خێڵەکانی کرد بە یاسا و دەستوور، ئەوانەشی کە چەکدار نەبوون ، چەکدار کران. ململانێیەکە ئەوەندە خەست بۆوە کە حزبی ئازاو زیرەك ئەوە بوو کە لە نێو عەشیرەتە کوردییەکاندا پێگەی خۆی بەهێزتر بکات ، هەموومان دەزانین کە بۆ ئەو دڵداری کردنە چ باجێکی گەورەی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و بگرە ڕامیاری دراوە .
کەواتە زۆربوونی ئەو هەموو سێنتەری دەسەلاتە شیرازەی کۆمەلگە لێك دەترازێنێ ، دەکرێ لە شێوەی جیاجادا ڕووبەرووی کێشەکان ببنەوە ، چارەسەری جیای بۆ دابنێین ، ڕەنگە کێشەی زەوی کە لە گوندێکدا سەرهەڵدەدا و لەژێر دەسەلاتی سەرۆك خێڵێکدایە؛ چارەسەری گرفتەکە شێوەیەکی جیای هەبێت لەوەی کە لە گوندێکی دیکەدا هەیە .
بەلام بۆ مەسەلەی (شەرەف) زۆربەری خێڵەکان یەك جۆر ڕوانین و یەك جۆر فەلسەفەیان هەبێ کە ئەویش کوشتنە .
زەق بوونەوەی دیاردەی کوشتن لە دوای ڕاپەڕینەوە دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی ئەو هەموو پیاوە چەکدارەی کە لەسەر سووك سەیرکردنی ژن پەروەردە کروان ، بلاوبوونەوەی ملیۆنەها دەمانچە کە هەلگرتنی زۆر ئاسانە، مەسەلەی کوشتنی ژنان و کچانی زۆر ئاسان کردووە بە تایبەتیش گەر لەوە دلنیابین کە زۆربەی ئەو پیاوانە هەر لە هیچەوە تووڕە و پەست و داخدارن .جگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆریشیان هەرزە و لاو و تۆلازن ، بنەماڵەو خێڵ پێی ووتون کە شەرەفی خێل و ناموسی خێزان وا لە لای ئەو ژن و کچانەیە ، شتێکی سەیر نییە کە ژمارەیەکی زۆر لەو کچانە لەسەر حەز و حەزکاری کوژران کە زۆربەیان بە تەنها گومانی یەکێك لەو هەرزە و تۆلازە مل هوڕانە بووە .
هەمان ڕوانین و فەلسەفەیەکی وا بۆگەن کە شەرەفی خێڵ و خێزان دەباتەوە ناو گەلی کچۆلەیەك بەسە بۆ ئەوەی چیرۆکی کارەساتەکان تا بێ درێژتر ببێتەوە .
ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ژمارەیەکی زۆر لەو تاوانانە شوێن بزرە و جگە لە بکوژەکان کەسی دیکە پێی نازانێ ، زۆر جاریش دادگا و پۆلیس لەبەردەم هێز و دەسەلاتی خێڵدا هیچیان پێ ناکرێ ، چونکە لە کۆنەوەش ئەوە بووە بە بڕوای نەگۆڕی خەلکی گوند و شار کە کرینەوەی

(ئـابڕووی تكـاو) هـەقی هـەموو مێـرد و بـاوك و برایـەكـە. بـۆ ئـەوەی قـەوارەی ئـەو كارەسـاتە بـزانین، دەبـێ یەكـە یەكـە لـە دەرگـای هـەموو ماڵـەكان بـدەین تـا بـزانین لـە نـاو ماڵـەكان چـی ڕوویداوە ، كە ئەوەیان پتر لە مەحاڵ دەچێ .
كوشتنی ژنـان و كچان لەسـەر مەسـەلەی (شـەرەف) لـە كوردسـتانەوە پەڕیوەتـەوە دەروەی ئـەم سنوورەی خۆمان لە زۆر وڵاتی دیكەی دونیا بە ژنكوژ ناسراوین. مـن بـۆ خـۆم گومـان نییـە كـە پیاوەكان بـە بـاوك بـراو مێـرد و خـاڵ و مـام و ئـامۆزا و خـاڵۆزاوە خولقێنـەرانی زۆربـەی یاسـا نوسراو و نەنووسراوەكان ڕێ بەم كوشتن و بڕینە دەدەن كە پیـاو تێیـدا سـەر دەسـتە و ئاغـا و بكـوژ و چەوسـێنەرە ، بـە داخـەوە ئـەو وەختـەی پیـاوان ڕێ و ڕەسـم و یاسـایان داڕشـتووە . داڕشتنی ئەو هەموو دەستوور و یاسایانەی كە پەیوەندی ژن و پیاو دادەمەزرێنن و ڕێكیدەخەن ، ئا لەو وەختەدا ژنان بـۆ خۆیـان لـەوێ نـەبوون تـا قسـەیەك لەسـەر هـەق و مافـەكانی خۆیـان بكـەن ، هەمیشـە پیـاوان لـەبری ژنـان قسـەیان كـردووە و یاسـایان دارشـتووە ، دیـارە دوور خستنەوەی ژنان لە نووسینەوەو ڕەنگڕێـژكردنی ئـەو یاسایانە مێژوویـەكی دێـرینی هەیـە لـەو ڕۆژەوە دەست پێدەكات كە بـۆ یەكـەم جار لەبـەردەم سیسـتەمی (پاتریاركییـەت) تێكشـكان كـە هەندێك دەیگەڕێننەوە بۆ دە هەزار ساڵ لەمەوبەر .هەر كەسێكیش ئازادە لەوەی پێگەی ژن بە پێگەی پیاو بەراورد بكات ، بە تایبەتی لە كتێبە ئاسمانییەكاندا .

كەواتە زۆربوونی ئەو هەموو چەكدارە لە پاش ڕاپەڕین وایكردووە كەم ماڵ هەبێت چ لە شار و چ لە لادێدا چەكی تێدا نـەبێ ، بـۆ یـەك چـركە چـاو بنووقێنـەو بـیر لـەوە بكـەرەوە كـە چـەند حیزب لە كوردستاندا هەیە و هەر یەكەو چەند چەكداری هەیە ، خۆ دیارە ماڵی كوردیش بێ هەراو هوریا و ئاژاوە نییە ، لە بوارە جیاجیاكانی ئابووری و كۆمەلایەتی سەدەها خەم و گرفت هەن كە هەندێكیان بە مـەنتقی خـەڵكی ئێمـە هـەر بـە چـەك چارەسـەر دەكرێـت .گـەورەترین نموونە (ماڵی گەورەی كورد)ە لەسەر ئاستی هەموو كوردستان كە دەیەوێت كێشەكان بـە زەبـری هێز و چەك چارەسەر بكات كە دوورە لە هەر جۆرێك لە عەقڵ و مەنتقێكی هاوچەرخ.
بیرمان نەچێ چەندە فشاری جەستەیی و ڕۆحی فشاری زۆر بۆ پیاوەكان بێنێ ، ئەوەندە پتر لە دەروازەیەك دەگەڕێ ئەو قەهرو ستەم و تووڕەبوونە بە شـێوەیەك لـە شـێوەكان بتەقێنێتـەوە ، لە رووی هێزی بازووەوە بێ دەسەڵاترین بوونـەوەر لـە ماڵەكانـدا ژنـانن ، بـە خوشـك و دایـك و ژنـەوە ، كـە دەبنـە قاپولكـە بـۆ هـەر ڕشـانەوەیەكی پیـاوان ، پیـاوانی ئێمـە كـە لـە دەرەوە دەچەوسێنەوە ، لە كونی ژوورەوە و لە ماڵەوە چی سادییەتی خۆیان هەیە بە ژنەكانی دەڕێژن.

لاوازی ئەو توخمە لەوەوە هاتووە کە لە کەلتووری ئێمەدا فێـر کـراوە سـەرکزو و ملکـەچ بێـت ، بە تایبەتی لەو شـوێنانەی کـە نـەخوێنـدەواری و هـەژاری زاڵـن ، دواجـار هـیچ ژنێـك دەسـەڵاتی ئـەوەی نییـە بـەرەنگاری شـەڕانگێزی دونیـای پیـاوان بێتـەوە ، پیـاوان لـە دەرەوە چـەند تـووڕە بکرێن ، ئەوەندە لەسەر هەڵس و کەوت و ڕەفتاریان لەماڵەوە ڕەنگ دەداتەوە .

دیارە لە دەمە بۆڵەیەکەوە تا دەگاتە سەر مەسەلەی (شەرەف) بەسە بۆ ئەوەی پیـاوان بـە ڕووی ژناندا بتەقنەوە ، بە هەر بیانوویەك بێت دەکرێت میلی کلاشینکۆف ڕابکێشن و یـەکێك سـارد بکەنەوە .لە بیرمان نەچێت کە لە کـەلتووری ئێمـەدا چـەك هـەڵگرتن ڕەمـزی پیاوەتییـە، هـەر بۆیە لە کوردستانیشدا بازارێکی گەرمی کڕین و فرۆشتنی چەك هەیە ، ترسی خەڵك لە یەکدی ، ترسی خێڵەکان لە یەکدی ، ترسی حیزبەکان لە یەکدی ، ترسی هەمووان لـە هاتنـەوەی ڕژێـم وایکردووە عەنباری چەکەکان پڕتر بێ ، تا ئـەم ناوچـەیە لـەژێر چـەتری دەسـەڵاتی میلیشـیادا بژی ، چاوەڕێ ناکرێ ئەم دیاردەی کوشتن و بڕینە کۆتایی بێت .

ئەوە بەو مانایە نییە کە پێشتر وا نـەبووە، بـەڵام هەنووکـە زەقـتر بۆتـەوە بـە تایبـەتی ئەگـەر بزانین کە هەمان کەلتوور وا لە کارادایە و نەگۆڕاوە ، ئەو کەلتوورەی ڕێدەدات پیاوان بـە نـاوی نـاموس پەرسـتییەوە ژنـان بکوژن ، دواجـار چـەکەکان بـۆ جـوانی دروسـت نـەکراون ، ڕەنگـە سـەرەتا بـۆ ڕاوی ئـاژەڵ و دڕنـدەی کێـوان دروسـت کـرابن ، بـەڵام ئەمڕۆکـە بـۆ ڕاوی مـرۆڤیش بەکاردێت ، لە نێو توخمی مرۆڤدا ، لە ژیانی ئێمەدا ، لاوازترین نێچیر کە ناتوانێ هێرشی پیـاو ڕابگـرێ ژنــە، ژنــیش بۆتــە بەســتەزمانترین نێچـیر ، ڕاوە ژن لــە ئەسـتۆی ئــەو دەســتەڵات و حیزبانەدایە کە بڕوایان وایە مانەوەیان لە گەورە بوونی میلیشیاکاندایە .

من دەزانم گەر تفەنگ و دەمانچە و کلاشینکۆفیش نەبێت ، جۆرەها شێوەی دیکـەی ژن کوشـتن هەیە ؛ لە کۆنی کۆنەوە بە بالیف خستنە سەر دەم و دەرمان خـواردن وخنکانـدن لـە ئـاودا و سەربڕین و ...هتد.

بـە ڕادەی یەکـەم مـن مەبەسـتم هێـز بەخشـینە بـە نێرەکـانی خێـزان و خـێڵ بـەوەی کـە عەقڵییـەتی (پیاوسـالاری) لـە کـەلتووری ئێمـەدا لـەبری ئـەوەی ڕێـی پێبگیرێـت؛ لـە دوای ڕاپەڕینەوە پتر زیندوو کرایەوە .

هـیچ بەرنامەیـەکی پـەروەردەیی ڕێـك و پێکمـان نییـە کـە کـوڕ و کچـەکان بـەو فەلسـەفەی یەکسانییە گۆش بکەن ، جگە لەوەی کە میدیاکانی ئـەو هـەموو حیزبانـە لـەم ڕووەوە هیچیان ئەوتۆیان نەکردووە ، هۆشیاری کۆمەڵایەتی بـۆ چین و توێـژە جیاکـان لـە ئاسـتی نەبوونـدایە ، حیزبە کۆنە خواز و ڕاستڕەوەکانیش فەزایەکی کراوەیان بۆ ڕەخساوە کـە تـا بۆیـان بکـرێ (ژن)

وەك بوونەوەرێكی گوناهكار و فریوەدەر وێنا بكەن و وای دەستخەڕۆ بكەن كە بە مەقامی (پلە دوو) قایل بێ و دەست لە هەموو مافەكانی بشوات .
بەدیوی ئەویدیودا بەرنامەی زۆرێك لە حیزبە چەپ و ڕادیكالەكان زۆر سست و بێ خوێنە كە ئەوەش بە بەراورد لەگەڵ باڵە ڕاستڕەوەكاندا وا دەكات تای تەرازووی چەپڕەوەكان سووك بێ و لەبەردەم ئەو هێرشی جەهالەتە هیچی ئەوتۆی پێ نەكرێ ، جگە لەوەش زەمینەی چەوساندنەوەی ژن لەم كۆمەڵگایەدا بە حوكمی ئەوەی بارودۆخە ڕامیاری و ئابووری و كۆمەلایەتی و فەرهەنگییەی كە هەیە؛ هەر زۆر لەبارە .
هەر بۆیە بزاڤی ڕاستڕەوەكان لە دوای ڕاپەڕینەوە بەرچاوتر و چالاكترە، جگە لەوەش كە ململانێی ئەم دوو حیزبە شەڕكەرە ، یەك بۆشایی گەورەی بەجێهێشتووە كە دەكرێ حیزبی دیكە بە كەیفی خۆی كایەی تێدا بكات ، كە دیارە ئەوەش لەسەر ئاستی نەتەوەیی زیانەكەی پڕ ناكرێتەوە ، لە دوور مەودادا هەمووومان ئەنجامە هەرە خراپەكانی وەدی دەكەین، لە هەموو توێژەكانیش زیاتر كە بەشی لەم زەرەرە زۆر دەبێ؛ توخمی ژنانە ، چونكە زووتر وتمان كار كردەی هەر گۆڕانێك ، چ باش و چ خراپ بێت، ملی ئەوان دەگرێتەوە .
لە دەرئەنجامی ئەم نووسینەدا دەمەوێت بەو ئاكامە ترسناكە بگەم كە هەموو كوڕانی خێڵ ئەمرۆكە چەكدارن ، پێكهاتەی خێڵ لە شار و لە لادێدا جیاوازییەكی ئەوەندە زۆری نییە، دەسەڵات و هێز وا لەلای خێڵە ، ئەو هێزە هەر هەبووە و لە پاش ڕاپەڕین زیادی كرد ، بە تایبەتی لە دوای بەرپابوونی ململانێی چەكداری نێوان هەردوو حیزبە ناكۆكەكە .. لە ڕووكەشدا قسە لەسەر ئازادی ئافرەت دەكرێ .گوایە هەندێك یاساش لە بەرژەوەندی ژندا گۆڕاوە ، هەر لە مەسەلەی فرەژنی تا دەگات بە میرات ، لە ڕووكەشدا ژمارەیەكی زۆر لە كچ و ژنی ئەلۆدە دەبینی كە دەكرێ لە جل و بەرگدا لەو كچ و ژنانە بچن كە لە شەقامەكانی لەندەن و پاریسدا دەبیندرێن ، دەرگای دەزگا دەوڵەتییەكان و قوتابخانەكان و دانیشگاكان لەبەر دەم ژندا والایە ، لە هەندێك قۆناغی خوێندندا نێر و مێ تێكەڵن ، هەندێ پۆست و پلە و پایەی حیزبی و كارگێریش دراوە بە ژمارەیەكی كەم لە ژنان ، بەڵام هێشتا لە ناو خێزان و خێڵ و دەزگا دەوڵەتییەكاندا پیاو سەرداره ، ماڵ ومیرات و منداڵ هەر هی خۆیەتی ، هێشتا ژمارەی نەخوێندەواری و بێكاری لە نێو ژنان و كچاندا زیاترە ، تا هەنووكەش نەك براو باوك و مێرد ، بەڵكو بۆ ئامۆزا و خاڵۆزا ڕەوایە لەسەر مەسەلەی (شەرەف) ژن و كچ بكوژن .
لە هەموو كوردستانی گەورەدا هەر كوڕە دەوێرێ بچێتە خوازبێنی كچ ، هێشتا كچ ئەو كەنیزەكەیە كە دەكرێ بكڕدرێ و بفرۆشرێ ، هێشتا لەسەر حەز و حەزكاری و ڕەدووكەوتن

دەكوژرێ ، هێشتا لێرە شەرەف ئەو بەهایە كە موڵكی پیاوە و بە قەرز هەر لە زووەوە لە لای كچ دانراوە و دەبێ تا شوو دەكات تەقەت و خاوێن بیپارێزێ .

تاوانەكانی شەرەف و نامووس پەرستی لەو شوێنانە زیاترە كە پتر هەژار نشینن ، كە پتر نەخوێندەوارن ، كە پتر خێڵەكین ، لەو شوێنانەی كە هەموو پێكهاتەكانی خێڵ هێشتا تۆكمە و دامەزراون. هێشتا لەشی ئافرەت ئەو تەنە پیرۆزەیە كە بە دەست لێدانی پیاو پیس دەبێ ، گومانكردنێك لە پیسبوونی ئەو تەنە بەسە بۆ ئەوەی كوشتنی بەدوادا بێ ، ئەوەش بیرۆكەیەكە دەستكردی پیاو خۆیەتی لەو كاتەوەی كە مەبەستییەتی خێزان و خێڵ هەر بە تەنها لە ژێر دەسەلاتی خۆیدا بێ ، دەسەلاتێك كە هەموو مافەكانی بۆ خۆی قۆرغ دەكا و ژن تیایدا بوونەوەرێكی پەراوێزە .

لە دێر زەمانەوە ، لە كەلتووری ئێمەدا فۆبیایەك (ترس و تۆقێنێك لە ژن و لە ئازادی ژنان) هەر هەبووە ، هەمیشە وەدەستهێنانی مافی زیاتر واتا هەڕەشەی زیاتر لە هەڵوەشاندنەوەی دەزگایەك كە ناوی خێزان و كۆمەڵگایەكە ، ئاخۆ كوشتنی ژنێك لە شارۆچكەی (دیانا) لەسەر ئەوەی كە چۆتە شایی و ڕەسمی گرتووە؛ دەبێت چی بێ جگە لە فۆبیا .دواجاریش بەشداری كردن لە شایی بەبێ پرسی برا و مێرد و باوك و تا دەگا بە ڕەدوو كەوتن، گەر كوشتنیشی بەدوادا هات ، هەر بە تەنها وەكو ڕووداوێك دەخوێندرێتەوە و تۆمار دەكرێت، ڕووداوێكی ڕۆژانە و تیژ تێپەڕە و دواجار دەچێتەوە ناو بازنەیەكی داخراوی خێڵ و خێزان ، كەسیش نازانێ قەوارەی ئەو كوشتارگایەی ژنان چەندە ، لە كەیەوە دەستی پێكردووە و كەی كۆتایی پێ دێت .

تا ئێستاكەش دادگا و داب و نەریتی كۆمەلایەتی بە یەك چاو سەیری مەسەلەی كوشتنی ژنان و كچان دەكەن لەسەر شەرەف كە لە عەرەبیدا بە "غسل العار" ناوی براوە ، لە دوای ڕاپەڕینەوە پتر لە هەمو وەختێك زیاتر وشەگەلی وەك ئەتك كردن ، ئابڕوو تكان ، تۆڵەی شەرەف ، تۆڵەی خوێن ، نامووس بردن .. هتد كەوتۆتە سەر زاران .

جگە لەوەش دیاردەی لەش فرۆشتن و سۆزانی گرتن و بەندكردنیان لە جاران بازاڕی گەرمترە ، تا هەنووكە دادگاكانی كوردستان بە چاوێكی هاوچەرخانەوە ناڕواننە شەرەف.

هەندێك جار گەورەكان فێڵێكی دیكە دەكەن ، بۆ كوشتنی كچێك یان ژنێك لەسەر مەسەلەی شەرەف كوڕە نابالقەكانی خێزان و خێڵ و تایەفە هان دەدەن كە لە عورفی دادگادا بە منداڵ و نەفام حیسابی بۆ دەكرێ و هەمیشە سزاكەی سووكترە لە كەسێكی تەمەندار ، ڕەنگە دوای یەك دوو ساڵ بەڕەڵلا بكرێن ، ئاشنابوونی ئەو هەموو هەرزە و منالكار و تۆلازە بە چەك وا دەكا

ترسیان لە کوشتن بشکێ ، بە تایبەتی ئەو نەوە تازەیە بیست ساڵ پتر لەگەڵ هەموو دیمەنە ترسناکەکانی کوشتن و بڕیندا ئاشنایە .

ژن کوشتن و قەل کوشتن لەلای وەکو یەکی لێهاتووە ، جگە لەوەش مێرد منداڵێك لە کەلتووری ئێمەدا زۆر زوو خەون بەوەوە دەبینێ کە وەك پیاو سەیر بکرێ ، هەتا گەر بە جگەرە کێشانیش بێت گەرەکیەتی لاسایی گەورەکان بکاتەوە ، بە بەکارهێنانی چەك و سپاردنی کچ و ژنەکانی خێڵ بە چەقۆی ئەو هەرزە و منداڵانە گەورەترین دان پێدانان و قبوڵکردنیەتی دەنێو بازنەی خێڵدا .

جگە لەوەی کە لە وڵاتی ئێمەدا ژمارەیەکی زۆر لە دادوەر و پیاوانی یاسا بە فەرمانی حیزب دامەزراون و ئەوان فشارێکی گەورەی کۆمەلایەتیان لەسەرە کە چاو لە تاوانی شەرەف بپۆشن یان ئەوەتا پینە و پەڕۆی بۆ بکەن و سزاکەی کەم بکەنەوە ، لە حاڵەتێکدا زۆربەی دادوەر و پیاوانی یاساش کوڕانی ئەم کۆمەڵگایەن و بە دەیەها رایەڵ و پرد بەو خێڵ و خێزانانەوە بەستراونەتەوە .

لە عورفی خێڵ و خەڵکێکی زۆری شارەکانیشدا بکوژی کچ و ژن لەسەر شەرەف بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵساوە و ئابڕووی تکاوی خێزانەکەی یان خێڵکەی هەڵگرتۆتەوە ، یان ئەو بکوژە بە خوێنڕشتن ئەو خوێنە تکاوەی خوشکەکەی یان کچەکەی شۆریوەتەوە ، لە عورفی خێڵدا هەر خوێنە کە خوێن دەشواتەوە . دیارە بۆ ئەم جۆرە کوشتنە پرسەدانان قەدەغەیە، هەر بۆیە لاشەی کوژراوانی شەرەف هەمیشە لە دەرەوەی شار فڕێ دەدرێن ، یان دەخرێنە ئاوەوە ، کەسنەزانم شوێن بزر دەکرێن ، چونکە سەر لە نوێ هێنانەوەی لاشەی کوژراو کولاندنەوەی برینی جەستەیی خێزان و خێڵە.

هەندێجار خەڵکێکی زۆریش وا سەیری بکوژەکە دەکەن کە ئەویش خۆی قوربانی بێ و جگە لە ئەندامێکی گوێڕایەڵ و فەرمان پێکراو هیچی دیکە نییە ، بە تایبەتی گەر بکوژ تەمەنی کەم بێ. هەمیشە وا بووە : ئەو برا و باوك و مێرد و مام و خاڵ و ئامۆزا و پوورزایەی نەیوێرابێ کچان و ژنانی خێڵ و خێزان لەسەر مەسەلەی شەرەف بکوژێ وەك کەسێکی ترسنۆك و ناپیاو حسێبی بۆ کراوە و زۆر جارانیش دەنێو هەڵقە توند داخراوەکانی خێڵ وەدەرنراوە ، چونکە خێڵ نێوەندێکە جێی ناپیاوانی تێدا نابێتەوە .

یاسا و عورفی خێڵ ئەوەندە قورسە کە ناهێڵێ ژناکانی خێڵ یان خێزان خەم و پەژارەی خۆیان دەربڕن؛ چونکە هاوسۆزی لەگەڵ کوژراودا لە عورفی پیاوەکان وا دەکەوێتەوە کە ئەو ژنانەش (ژنانی پرسەدار) ڕێزی یاسا و ڕێساکانی خێڵ ناگرن ، هەر بۆیە هەندێجار بە دزییەوە دوور لە چاوانی پیاوانی خێڵ و تایەفە دەردە دڵی خۆیان هەڵدەڕێژن .

جاری واش هەیە بۆ تەبا بوون لەگەڵ ئەو یاسا و ڕێسایە ژنانیش درۆ لەگەڵ خۆیان دەکەن و تاوانی پیاوەکانیان دەشارنەوە و کوشتنی کچان و ژنەکانی نزیک بە خۆیان دەکەن بە قەزا و قەدەر و ڕێکەوت: خۆی لەسەربان بەربۆوە ، گوللەی وێڵ کوشتی ، خۆی سووتاند ، خۆی خنکاند ، چۆتە لای کەس و کار و دەیەها بڕوبیانووی لەو جۆرە کە هەر هەمووی پەردە پۆش کردنی تاوانە .

لە بیرمان نەچێ هەندێك ژن هەن خولقیان زۆر توندە و لەگەڵ پیاواندا بەشداری تاوانەکانی شەرەف دەکەن و پێی سەربڵندن، ڕووداوێکی وەك (ڕەدوو کەوتن) کە من بە هەڵگەڕانەوەیەکی جوانی دەبینم و ڕەتکردنەوەی عورفی باوکسالارییە ، بەلام ژنان وەك کردەوەیەکی سووك سەیری دەکەن و بە سەرشۆڕکردن و چاو شۆڕکردنی باوك و برا لە قەڵەمی دەدەن. ڕەدووکەوتنی کچێك وا دەکات هەموو پیاوانی ئەو خێڵ و بنەماڵەیە هەست بە شەرمەزاری و ئابڕوو تکان بکەن ، لە ئەستۆی هەموواندایە ئەو ئابڕووتکاوە بکڕنەوە .

لەوەدا ژمارەیەکی زۆر لە ژنانیش تووڕە و داخدار دەبن لەسەر تاوانی شەرەف و پێداگری لەسەر تۆڵەکردنەوە دەکەن، ژمارەیەك لە پیاوان دەکەونە بەندیخانە و ژمارەیەك دەکوژرێ و ئەوانەشی کە لە دەرەوە دەمێننەوە تا بۆیان بکرێ خۆیان بە دەر و دراوسێ و خزم و هاوڕێ و بگرە دوکاندارەکانیش پیشان نادەن.

ئەو ژن و کچەی لە دەست باوك و براو مێرد و خزمانی ڕادەکاو فریای کوشتنی ناکەون ، گەر وێڕای سکاڵا بکات و کەسوکارەکەی خۆی تاوانبار بکات بەوەی کە نیازیان هەبووە بیکوژن ، دەیەها ژن و پیاو و خزم و ناسیاو هەوڵدەدەن بیگەنێ و لەو شکاتە پەشیمانی بکەنەوە ، لەوەشدا ژنان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن، زۆر جاریش بەڵێن بە خۆی و بە دەسەلاتداران دەدرێ کە ئەگەر بێتەوە ناو کەس و کاری خۆی؛ خوێن لە لووتی نایەت ،دیارە ئەوەشیان هەر قومار کردنە بە ژیانی ئەو کەسە .

دەبێ بپرسین لەنێو کەلتوورێکی وەکو ئەوەی ئێمەدا بۆچی ژمارەیەکی زۆر لە ژنانیش بێ دەنگی و بێباکی هەڵدەبژێرن لەمەڕ تاوانی شەرەف؟ ئایا مەسەلە بە تەنها ترسە؟ یان یاسا و ڕێساکان بوونەتە داب و نەریتێکی سەقامگیر؟ڕەنگە ترس و پیرۆزی داب و نەریت لە (نائاگاهی-لاشعور)ی ژناندا هەر لە منداڵییەوە جێگیر بووبێت ، بەلام دەکرێ بیر لە وەلامێکی دیکە بکەینەوە کە ئەویش ئەوەیە هەر خێزان و خێڵێکی لەکەدار بە تاوانی شەرەف لە عورفی هەمووواندا خێزان و خێڵێکی پیسە .

ئەم ڕوانینە وا دەکات کە کچانی ئەو خێزان و خێلانە هەلو بواری شووکردنیان کەمتر بێتەوە ، ئەو خێزانەی تاوانی شەرەفی هەبێ و خۆی لەو پەڵەیە پاکە نەکاتەوە ، چارەنووسی هەموو

کچەکانی دیکە دەخاتە بەر بەزەیی ئەو کوڕانەی کە دەیانـەوێت ژن بهێـنن. هـەموویان دەزانـن ئابڕووی بنەماڵە بە ژن و کچەکانەوە بەندە ، لـە عـورفی خـەڵکی ئێمـەدا لادانـی کچێك بـە واتـا پیسکردنی هەموو بنەماڵەکەیە .

گەر کچێك هیچ بەهرە و توانـا و خوێندەوارییـەکی نـەبێ ، جگـە لـە پاکیزەیی و شـەرەف چـی دیکە شك دەبات تا لە بازاڕی شووکردندا شانازی پێوە بکات ، لە نێو خەڵکی ئێمـەدا هەنووکـە ، گەر هاتوو کچێك زاتی ئەوەی کرد بە پارە و ئاڵتوونی کەم شـووی کـرد، ئـەوا زۆرینـەی خـەڵکی گومان لە پاکیزەیی و شەرەفی دەکەن .

لە کەلتووری ئێمەدا لە پاش کوشتنی ئەو کچ و ژنەی کە بە تاوانی شـەرەف لـەناو بـراون ، ئـەو خێزانانەی ئەو کچ و ژنانەی تێدا دەکوژرێن هەر بـە چـاوی سـووك سـەیر دەکـرێن ، هـەتا گـەر کوشتنەکە لەسەر گومانێك و درۆیەك هەڵبەسترابێت خێزانی کوردی وا هەیـە کـە کـەس ئامـادە نییـە کچیان لـێ بخوازێـت ، یـان کـچ بـدەن بـە کوڕەکانیـان تـەنها لەبـەر ئـەوەی لـەو جـۆرە خێزانانـەدا کەسـێك لەسـەر شـەرەف کـوژراوە ، کەواتـە مـەرگ و کوشـتنیش لـە عـورفی خـەڵکی ئێمەدا ئەو ئابڕوو بردنە و شورەییە ناشواتەوە ، وەك زووتر ئاماژەم پێکـرد لاشـەی کـوژراوانی شـەرەف هەمیشـە وەك کـەلاکی تۆپیـو لـە ژێـر خـاك دەشـاردرێتەوە ، لـە کەنـد و لەنـدان فـڕێ دەدرێ، کاشـە بـەردی قـورس بـە لاشـەکەیەوە دەبەسـترێ و دەخرێتـە نـاو ڕووبـار و دەریاچـە و زۆنگاوەکان ، لـەت و پـەت دەکـرێ و هـەر کوتـەی لـە شـوێنێکدا فـڕێ دەدرێ ، لـە دەرەوەی شـار لاشەی کوژراوەکە لە گۆڕێکی پەرپووت دەنرێت بێئەوەی کێلی هەبێت.

هەموو ئەو ڕەفتارانەش بۆ ئەوە نییە کە کەس و کار گەرەکیانە شوێن بـزری بکـەن ، بـەڵکو بـۆ ئەوەیە بیسەلمێنن کە ئەوان لێی بێبەرین ، کەواتە لاکی هەندێك لە گیانلەبەرە پیسەکان (پیس لە عورفی خەڵکی ئێرە) وەك سەگ و پشیلە هەر هەمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ ، ئەوەتا بە کچ و ژنی ئابڕوو تکاو دەوترێ (دێڵە سەگ) ، پیاوان دەڵێن .. (وەك سەگ تۆپاندمان) .

بیرمان نەچێت لە زمانی ئینگلیزیدا وشـەیەکی وەك (Bitch) دوو مانـای سـەرەکی هەیـە و لـە بچوکترین فەرهەنگدا گـەر بیکەیتـەوە بـە دوو مانایـە لێـك دەدرێتـەوە (سۆزانی و دێڵـە سـەگ) بێگومان وشەیەکی وا لە زمانی ئینگلیزیدا بەو مانایە بێ، دەبێت ڕەگ و ڕیشەیەکی ئەخلاقی و فەرهـەنگی هـەبێت .لـە دوای ڕاپەڕینـەوە بـە هـۆی زینـدوو بوونـەوەی دەمـارگیری پیـاوەتی و خێڵەکی لـە ژمارەیـەکی زۆر لـە گونـد و شارۆچـکە و شـارە گەورەکانـدا هـەر لاشـەی کـچ و ژنـی کوژراو بەم شێوەیە فڕێ دراوە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد .

بیرمان نەچێ هەندێك لە دەسەڵاتداران و هەندێك لـە پیـاوانی حیزبـەکان لـە پشـت ئـەو گەمـە ناشرینەوە رۆڵیـان بـووە ، دوو ڕووداوی وا لـە سلێمانی و دهـۆك قـەوماو پاڵەوانـەکانی کەسـانی

حیزبی و دەست ڕۆیشتوو بوون ، پیاوەکانیش لە جاران نێرانەتر سمێڵیان بادەدا و لە سزا دەرباز بوون (بەداخەوە لەم نوسینەدا بوار کەمترە لەوەی ورد و درشتی ئەو دوو چیرۆکە بنووسمەوە، جگە لەوەش کە هەموو لایەك ئاگادارن و پێویست بە بیر هێنانەوە ناکات) .
من دەزانم هەندێ یاسای نووسراو هەن کە هەوڵدەدن شەرمنانە قسە لەسەر مەسەلەی شەرەف بکەن و وەکو تاوانێك ئەم چیرۆکانە بخرێنە ناو فایلی دادگاکانی کوردستانەوە ، لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ و دادگاش جۆرێك لە سزا بسەپێنێ ، بەڵام تاکو حیزبەکان لە خەمی زیندوو کردنەوەی خێڵەکان بن، هەریەکە و بیەوێ بەرتیلی گەورە بدات بەو تیرە و تایەفە زۆرانەی تاکو ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆیان فراوانتر بکەن و پیاوەکانی بکەن بە هێزی چەکداری یەدەك بۆ ڕۆژانی شەڕ و ململانێی، ئەوە بیگومان بن لەوەی کە لەم بارو دۆخەدا عەقڵییەتێکی پڕ لە دەمارگیری پیاوسالاری خێڵەکان تا دێ گەورەتر و توندتر دەبێ .
تا بێ مەسەلەی کوشتنی کچ و ژن لەسەر شەرەف و ناشەرەف زۆرتر دەبێ ، هەر خێڵە و دادگای خۆی دەبێ، هەر بۆیە لەژێر فشاری داب و نەریتی خێڵدا حزبەکان بیریان لەوە کردەوە کە (مەکتەبی کۆمەڵایەتی) دابمەزرێنن کە دیارە هەندێ جار بە ڕێی مەسڵەتی کە دەکا (سولحی عەشایەری) زۆربەی کێشە و گرفتەکان چارەسەر دەکرێن ، کەواتە ئەمڕۆکە سەنتەری جیاواز لە دادگا پەیدا بووە بۆ کێشە دادوەرییەکان کە ئەوەش لەگەڵ بەڕێوەبردنی هاوچەرخانەی کۆمەڵگادا یەك ناگرێتەوە، یان بە واتایەکی دیکە پاشەکشێ و گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕۆحەی خێڵ بەڕێوە دەبات.
لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە زۆربەی جار حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەن و شارەوانی و بەڕێوەبەری ناحیە و قائیمقامەوە بیگرە تا دەگا بە هەندێك لە دادوەرەکانی ناو شارەکان لەو کەسانەن کە تا سەر ئێسقان لە ڕۆح و ئەخلاقییەتی خێڵەکیدا نوقمن کە دیسانەوە لە بری بەکارهێنانی بەند و یاسا و دەستوورەکان پەنا دەبەنەوە بەر عورفی عەشایەری کە هەڵبەتە ئەگەر بە ناچاری و نابەدڵیش بێ هەر دەبێ بیکات ، دەنا وەکیدیکە خێڵ لێی دەتۆرێ ، خۆ ئەگەر بێت و یەکێك لەو زاتانە ویستی لە داب و نەریتی خێڵ لابدا و تاوانباران و بکوژانی (شەرەف) مەحکوم بکات و ڕەخنە لەو سیستەمە ئەخلاقییە بگرێ کە گەندەڵە. ئەمەیان بە ئاسانی تێ ناپەڕێ و ڕەنگە ئەو لێپرسراوە پایە و پلەی کارگێڕی و حزبییەکەی هەر چییەك بێ ، لەوەدایە هەر هەمووی بدۆڕێنێ ، لەوانەیە خێڵ و حزب بەیەکەوە لێی بتۆرێن و بە یەکەوەش بڕیاری تڕۆکردنی بدەن ، چونکە حزب ئامادە نییە لە پێناوی هەڵوێستێکی جوامێرانە و هاوچەرخانەی لێپرسراوێکی حیزبی کە ئەندامی خۆیەتی؛ یەك خێڵ بدۆڕێنێ .

هەمووومان چیرۆکی کوشتنی (بەیان و دڵدارەکەی)یمان لە یادە کە لە ڕۆژانی شۆڕشی شاخدا کوژران بە تاوانی ڕەدووکەوتن، تەنها لەبەر ئەوەی خێڵی ئەو دوو عاشقە نەتۆرێن ، کەواتە تا ئەو پەیوەندییە خێڵەکیانە وەکو خۆی پاك و پیرۆز ڕابگیرێن و مەسەلەی (شەرەف) هەر ئەو ماناو چەمکە بێ کە هەیە .ئەو ملیۆنەها پیاوەش هەر هەموو چەکدار بن .. ئەو کوشتن و بڕینەی ئافرەتان تا بێ زیاتر دەبێ ، یاساکانیش لەسەرەوەڕا هیچیان پێ ناکرێ ئەو وەختەی ئەو پێکهاتەیە لە بری لێك هەڵوەشاندن؛ خۆی توند و تۆڵ بکاتەوە .

هەر دەنێو ئەو دۆخەدایە کە کچان وەك ماڵات کڕین و فرۆشتنیان لەسەرە ، لەبری خوێن و تۆڵە دەدرێن بە شوو ، گەورە بە بچووك و ژن بە ژن بەردەوامە ، چونکە مارەیی چەندە پتر بێ؛ ئەوەندە پاکیزەتر و بە نرخترە ، کچی خێزانێکی لەکەدار بە مەسەلەی شەرەف یا دەبێ بەلاش شوو بکات یان تا ماوە بە قەیرەیی دەمێنێتەوە ،مەسەلەکانی شەرەف و حەزلێکردن و ڕەدووکەوتن .. هتد .گەر بێ و بە پارە چارەسەر بکرێ ، ئەو جەژن و شوکرانە بژێری دەوێ ، بەڵام لە زۆربەی حاڵەکاندا عورفی خێزان و خێڵەکان جگە لە کوشتن هیچی دیکە بە ڕەوا نازانن .

بەر لەوەی کۆتایی پێبهێنم دەمەوێ ئەو پرسیارە بکەم : ئایا لەم بارودۆخە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەدا هیچ ئومێدێك بەوە هەیە کە ئەم دیاردەیە بەو زەقی و بەربڵاوییەوە کەمتر بێتەوە؟ دیارە بنەبڕکردنی هەر زۆر زەحمەتە ، بەڵام ئەوەندەی لە پێکهاتەی ئەو حزبانە ورد دەبیتەوە و ئەو واقیعەی هەموومانی تێکەوتووین ، زۆر زەحمەت بووە لە مەودایەکی کورتدا ئایندەیەکی ڕۆشنمان ببێت، ئومێدێکی کەم بە خولقاندنی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ لە ئارادا هەبێت ، هەرگیز حزبەکان لە خەمی ئەوەدا نین هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بخەنە گەڕ بۆ هۆشیار کردنەوەی خەڵکی ، ململانێ سیاسییەکە زەمینەیەکی خۆشتر بۆ سەر لە نوێ زیندوو کردنەوەی مێنتالتی خێڵەکی خۆش دەکات .

جگە لەوەش هەموو ئەو حزبانەی خۆ بە سێکیولار (عەلمانی) و ڕادیکاڵ و سۆشیالیستی و نەتەوەپەرست دەزانن لە بەردەم باڵە کۆنە پارێز و تەقلیدییەکاندا پاشەکشێ دەکەن ، لە مەیدانی ڕامیاری و کۆمەلایەتیدا کۆنە پارێزەکان زۆر چالاکترن ، لە هەمووی ناخۆشتریش ئەوەیە زۆربەی هونەرمەند و نووسەر و ڕۆشنبیران ، لە حەساسییەتی مەسەلەی ژنان ، کەم و زۆر خۆیان بە دوور دەگرن ، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانمان کە وان لە هەندەران زۆر ئاسان نییە لەو دوورەوە شەڕ لەگەڵ ئەو هەموو دیاردە دزێوانەی ناوەوە بکەن .

ئەوانەشی کە لە ناو وڵاتن بڕوایان وایە کە ئەرکی ئەوان نووسینی ڕۆمان و چیرۆك و شیعر و شانۆنامە و ڕەخنە و نیگارکێشان و مۆسقاژەنینە .. نەك کێشەی منداڵ و هی ژنان و پیر و

پەککەوتە و نە کێشەی پیسکردنی ژینگە .. هتد. هەموو ئەوانە ناچنە ناو بازنەی بایەخی ئەوان، دەیەها کێشەی گەورە و بچووکی دیکە بە خەمی خۆیان نازانن ، یان وا هەست دەکەن هەر لە سەرەتاوە شەڕێکی (دۆن کیخۆت)انەیە و دۆڕاوە ، چونکە هەست دەکەن هێزی بەرامبەر هەر هەموو ئامرازەکانی شەڕی وا لە ناو دەستدایە ، هەموو چەکەکان لای ئەوانە، مەبەستم لە چەکەکان (چەکی بانقە و چەکی شەڕە).

ڕۆشنبیر لەم واقیعەدا خۆی بە بوونەوەرێکی زۆر بچووکتر لەوە دەبینێ کە خۆی بخاتە ناو وەها شەڕێکی نابەرابەرەوە ، جگە لەوەی کە هەرگیز ڕێکەوتنێکی فیکری لە نێو ئێمەدا نەبووە کە لەسەر پاراستنی هەقەکان کۆمان بکاتەوە و وامان لێبکات لە پێناویدا بجەنگین .

پێکهاتەی خێڵ ئێمەشی داگیر کردووە .. ئەوە نییە چ لێرە و چ لە دەرەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە نووسەران و هونەرمەندان و (ڕۆشنبیران) وەك خێڵەکان بەسەر هەردوو هەرێمی سۆران و بادیناندا دابەش بوون .. بەسەر هەرێمی زەرد و سەوزدا ، دەنێو ژینگەیەکی وا سەیردا و دەنێو کەلتوورێکی ئاواهیدا یەکێك لە مەسەلە هەرە لاوەکییەکان و لە پەراوێزکەوتوودا کێشەی ژنان دەبێ و ئەو کوشتارگەیەش تا ڕۆژگارێکی زۆر دوور و درێژتر هەر بەردەوام دەبێت!.. .